

# ئیرادەی پێکەوەژیان و فرەکولتووری

مرادحەکیم

**پێشەکی**

ولاتی تورکیا و هەرێمی کوردستان فرەکولتوورن. فرەکولتووری لەو دوو سەرزەمینە دیاردەیەکی نوێ نییە، وەک ئەوەی لە زۆربەی ولاتانی جیهان بەرهەمی سەردەمی نوێیە، واتە لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنولوجی، بەجیهانیبوون و کۆچ، ولاتانی یەکرەنگ و تاککولتووری نەماون. هەردوو کیانەکەش (تورکیا و هەرێمی کوردستان) بە رادەی زۆر جیاواز، زیاتر کار بە ئاراستەی ئێتنۆسێنتەریزمدا دەکەن تاکو فرەکولتووری، ئەو ڕاستییە مێژووییەی کە هەیە، لە فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی بەلایانەوە واقیعکی سلبییە.

تێڕوانینی هەردووکیان بۆ فرەکولتووری و مامەڵەی هەردووکیان لەگەڵ ئەو ڕاستییە ئەگەرچی جیاوازە، لەبەر پێگەی جیاوازی ئەو دوو کیانە، هەم لەڕووی مێژووییەوە هەمیش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. بەڵام بە بۆچوونی ئێمە هەردووکیان پێویستیان بە گۆڕینی ئەو تێڕوانینە بۆ فرەکولتووری و پێکەوە ژیان هەیە. پێویستە تێڕوانینیان لە ناوخۆدا واتە لە چوارچێوەی سنوورەکانیاندا بۆ پێکهاتە جیاوازەکان بگۆڕێت، تاکو بتوانن لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیاندا، مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ گەل و نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەدا بکەن.

ئەو تێڕوانینە سلبییەی لە ولاتانی ئێمەدا بۆ فرەکولتووری هەیە، جێگەی سەرسوڕمان نییە، بەلەبەرچاوگرتنی سستەمی سیاسی و پاشخانی کولتووری ناوچەکە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بوار نەدان بە کولتوور و وردە کولتوورە جیاوازەکان، دیاردەیەکی تایبەت بە ولاتانی ئێمە نییە، لە زۆر ولاتی دونیادا ئەو تێڕوانینە ماوە، تەنانەت تا پێش نیو سەدەش لە ولاتە دیمۆکراتییە ڕۆژئاواییەکاندا ئەو تێڕوانینە سلبییە بۆ فرەکولتووری زاڵ بوو. ئەوە تەنیا کەمتر لە نیو سەدەیەکە ولاتانی دیمۆکراتی توانیویانە تێڕوانینی خۆیان لەم بارەوە بگۆڕن و کاردەکەن بۆ مامەڵەیەکی دیکەی جیاواز لەگەڵ فرەکولتووری، کە جیاوازە لە سیاسەتی وەدەرنان یان گۆشەگیرکردنی کولتووری کەمینەکان.

لەم بابەتەدا هەوڵدەدەم تیشک بخەمە سەر گرنگیی فرەکولتووری بۆ دەوڵەت و ئەو هەنگاوانەش، کە پێویستە بنرێن بۆ بەشداری زیاتری کولتوورەکان لە دروستکردنی ناسنامەی نیشتیمانی و بڕەودان بە گیانی پێکەوەژیان لەناو کولتوورە جیاوازەکاندا، بەوەی فرەکولتووری پێویستیەکی سەردەمە و دەبێتە هۆی ڕەخساندنی زەمینەی لێکتێگەیشتنی زیاتر و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە. هەروەها هەوڵدەدەین بە پشتبەستن بە توێژینەوە زانستییەکان و تێبینی واقیعی کۆمەڵایەتیی هەرێم، ئەو زەمینە لەبارەی کە بە بۆچوونی ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و دەکرێ بۆ ئەو مەبەستە سوودی لێ ببینرێت، بخەینە ڕوو. لە کۆتاییشدا هەوڵدەدەین لەژێر ڕۆشنایی داتای مەیدانی کە لە ڕێگەی هەردوو دامەزراوەی رووپێوی بەها جیهانییەکان و رووپێوی بەها ئەوروپییەکان کۆکراونەتەوە، نزیکی کولتووری دانیشتوانانی هەرێمی کوردستان (کورد) و تورکیا بخەینەڕوو، بەوەی کولتووری کوردەکان لە هەرێمی کوردستان نزیکترە لە کولتووری تورکی تاکو کولتووری عەرەب لەلایەک و لە لایەکی دیکەشەوە ئەوە پیشانبدەین کە کوردەکان لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، عەرەب، تورکمان و کلد و ئاشوور دراوسێیەتی تورکیان پێخۆشە.

### ئێتنوسەنتەریزم یان فرەکولتووری

هەردوو کیان (تورکیا و هەرێمی کوردستان) وڵاتی فرەکولتوورین یان ئێتنۆسەنتەری؟ ئەم دوو چەمکە دەکەونە بەرامبەر یەکتری. کاتی ئەوە هاتووە خۆمان یەکلاییبکەینەوە، ئایا لەو دوو کیانەدا، ئێمە کولتووری گروپێک یان گروپێکی ئێتنی بەباشتر دەبینین و سەبارەت بە کولتووری پێکهاتە و گروپەکانی دیکە کە هاوبەشن لەو خاکە و لە هەموو سامانەکانی ئەو وڵاتە بەپێی پێوەرە کولتوورییەکانی گروپی خۆمان داوەریان دەکەین و کولتووری جیاوازی ئەوانیتر بە کولتوورێکی نزمتر یان دواکەوتووتر سەیردەکەین، واتە ئێتنۆسەنتەرین، یاخود کولتوورە جیاوازەکان لە کۆمەڵگاکانماندا نرخی یەکسانیان هەیە و بەیەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و پشکێکیان هەیە لە دروستکردنی کولتووری نیشتمانیدا (فرەکولتووری). رەنگە هیچ کامێکمان لاریمان لەوە نەبێت کە لە هەردوو کیاندا گیانی ئێتنۆسەنتەری زاڵە، بەچاوپۆشی لە ئاستی ئێتنۆسەنتەریبوونی هەریەکێکیان. راستە لە هەردوو کیانەکەدا نەتەوە، ئایین و گروپی جیاواز دەژین و هەردووکیان (بالقوە) فرەکولتوورین، بەڵام بەهێزی مەیلی ئێتنۆسەنتەری تاکەکانی کۆمەڵگا، پاشخانی میراتی سیاسیی دەوڵەت، لاوازی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەهەڵکردن، رێگرن لەبەردەم ئەوەی فرەکولتووری (بالقوە) بگۆڕێت بۆ فرەکولتووریی کردەکی (بالفعل).

لەراستیدا هەردوو کیان پێویستیان بە دوورکەوتنەوەیە لە عەقڵیەتی ئێتنۆسەنتەری، چونکە لەلایەکەوە کێشەکان لە وڵاتدا زیاددەکات، لەلایەکی دیکەشەوە، سەردەم سەردەمی فرەکولتوورییە و دوادەکەوین لەو رێگەیەی دەیبڕین. پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە گۆڕانکاری گەورە لە ئاراستەی دەوڵەتاندا روویداوە لەبەرامبەر گرووپە کەمایەتییەکاندا (هەردوو وڵاتی تورکیا و عێراقیش بێبەش نەبوون لەو گۆڕانکاریانە)، جاران بەزۆری فرەنەتەوەیی وەکو هەڕەشەیەک لەسەر سەقامگیری سیاسی وڵاتان لەقەڵەمدەدرا، بۆیە دەوڵەتان بەمەبەستی هاوشێوەکردن یان بەپەڕاوێزخستنی گروپە کەمایەتییەکان هەنگاویان دەنا، ئەمڕۆ لە دونیادا شێوازی نەرمتر دەگرنەبەر لە پەیوەند لەگەڵ ئەم گرووپانەدا. ئەم شێوازانە خۆیان دەبیننەوە لە پەسەندکردنی سیاسەتەکانی فرەکولتووری بەرامبەر گرووپە جیاوازەکاندا، بەخشینی خودموختاری و مافی خویندن بەزمانی دایک بۆ کەمینە نەتەوەیی و ئێتنییەکان. ئەم سیاسەتانە سنووری پشتیوانیکردن لە مافە مەدەنی و سیاسییە، سەرەتاییەکان دەبەزێنن کە دەوڵەتە لیبراڵ دیمۆکراتەکان بۆ هەموو ئەندامەکانیان دابین دەکەن و کەمینە نەتەوەیی و کولتوورییەکان بەڕەسمی دەناسینن و پارێزگاری لە ناسنامە و رێوڕەسمە کولتووری و ئایینییەکانیان دەکەن.

ئەو هەنگاوانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، لە ئەنجامی ئەو ئاکامە سلبیانەوە سەریان هەڵدا، کە لە جەختکردنەوە لە ئێتنۆسەنتەریزم کەوتنەوە، بەوەی رێگرە لە هەندێک بەهای گرنگ کە رەنگە بتوانین ببینە خاوەنیان، رێگرە لە تێگەیستن لە ئەوانی دیکە. ئێتنۆسەنتەریزم هانی بیرتەسکی و نەبوونی مەیل بۆ ناسینی جیاوازیە مرۆییەکان بەوشێوەیەی کە هەن، دەدات. ئێتنۆسەنتەریزم نەک تەنیا رێگرە لە تێگەیشتن لە ئەوانی دیکە، بەڵکو رێگرە لە تێگەیشتن لە خۆشمان، چونکە هەرگیز ناتوانین لەو راستیە تێبگەین کە کۆمەڵگای ئێمە یاسا و راستییەکانی کۆمەڵگاکەمان تا رادەیەکی زۆر بەشێکن لە

واقعیەتی کۆمەڵایەتی. ئێتنۆسێنتەریزم دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین و ئەوەی ئێمە بڕوامان پێی هەیە، حەقیقەت و ڕاستییە لە جیاتی ئەوەی کە هزر بکەین کە ئەوان بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی هاتوونەتە ئاراوە و جێگەی گومانن. دواتریش ئێتنۆسێنتەریزم هانی نامیهرەبانی دەدات، پاساو بۆ دزیکردن لەوانی دیکە و چەوساندنەوەیان دەهێنێتەوە، دەبێتە هۆی ڕاوەدوونان و ئازاردانی کەمایەتییەکان کە تاکە گوناهیان ئەوەیە لە ئێمە جیاوازن، لە هەمووشی گرنگتر ئەو تایبەتمەندیە گرنگانەی کە زۆربەمان بە تایبەتمەندی سەرەکی بۆ کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتی لەقەڵەمی دەدەین، لاواز دەکات.

### پەیوەندی نێوان یەکێتی و فرەیی

ئەمڕۆ هەموو کۆمەڵگاکان فرەکولتوورن و دەبێت ڕێگاگەلێک بدۆزنەوە بۆ هەماهەنگی کردن لە نێوان ئەو پێداویستییانەی لە یەکێتی و فرەیی سەرهەڵدەدەن. کۆمەڵگاکان بەبێ یەکێتی، ناتوانن پارێزگاری لە تەبایی و گونجانی خۆیان بکەن، بڕیارە دەروەستەییە کۆییەکان وەرگرن و جێبەجێ بکەن و کۆویژدان بەرهەم بهێنن. فرەییش نەک تەنیا نکۆڵی لێنەکراوە، بەڵکو پێداویستییەکانی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگا دەڕەخسێنێت، سەرەڕای ئەوەش مرۆڤەکان لە پێکهاتەی کولتووریدا شوێنگەیەکیان هەیە و پێویست دەکات ڕێز لە کولتوورەکانیشیان بگرین.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە یەکێتی و فرەیی گرنگن، هەردووکیان دەبنە هۆی سنووردارکردنی یەکتر. مەبەستی ئێمە نابێت چەمکێکی هێندە فرەوان بێت لە یەکێتی، کە شوێنی فرەیی نەبێتەوە. سەرەڕای ئەوە ئێمە نابێت داوای فرەییەکی وەها بکەین، کە ببێتە هۆی دابەشکردنی کۆمەڵگا و ڕێگربێت لە بەردەم بەرژەوەندییە گشتییەکان.

کۆمەڵگای فرەکولتوور، تەنیا کاتێک دەتوانێت هەماهەنگی لەنێوان یەکێتی و فرەییدا بەرهەم بهێنێت، کە یەکێتی لەگەڵ وەکیەکی و هاوشێوەییدا تێکەڵ نەکات و داوای وەکیەکی سەرتاپاگیری کولتووری لەناو ئەندامەکانیدا نەکات. کۆمەڵگا دەبیت لە ڕێگای هاندانی وردەکولتوورەکانەوە کولتوورێکی فرەی نیشتیمانی کە ڕەنگدەرەوەی ئەم کۆمەڵانە بێت و لەوانیش بەرزتر، کە یەکێتی لە هەناوی فرەییدا دروست بکات. لەبەرئەوەی هەموو کۆمیۆنیتیەکان پشکێکیان لە دروستکردنی کولتووری نیشتیمانیدا دەبێت، دەتوانن هاوسۆز بن لەگەڵیدا چاوەڕێدەکرێت هەست بە وابەستەیی بکەن لە بەرامبەریدا.

بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی فرەکولتوور چەند هەنگاوێک پێویستە:

١- کۆمیۆنیتیە کولتوورییەکان ڕووبەڕووی جیاکاری ئەنقەست یان نائەنقەست نەکات، ڕێزی بەرامبەر لە هەموویان بگرێت، دەرفەتی یەکسان بۆ گەشانەوەیان بڕەخسێنێت، ئەگەر ئەم گروپە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا نیشتەجێ بن، دەبێت دەسەڵاتیان پێببەخشێت و تاڕادەیەک ئۆتۆنۆمیان پێبدرێت. ئەم یەکە خودموختارانە نەک نابنە هۆی لاوازکردنی کۆمەڵگا، بەڵکو دەبنە هۆی دەوڵەمەندیی کولتووری.

٢- کۆمەڵگای فرە کولتوور دەبێت دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دەستپێڕاگەیشتنی یەکسانی کۆمیۆنیتیە کەمایەتییەکان بە دەسەڵاتی سیاسی دابین بکات و هانی هاوکاری نێوان گروپە ئێتنی و ئایینیەکان بدات لە هەموو کایەکانی ژیان، بەتایبەتی کایەی سیاسیدا. هەستی وابەستەیی هاوبەش تەنیا لە پرۆسەی هاوکاری بۆ ئامانجی هاوبەش

فۆرمالیزەدەبێت.

٣. دامەزراوە دەوڵەتییەکان بەتایبەتی حکومەت، سوپا، پۆلیس و دامەزراوەی دادوەری، دەبێت بەتەواوی بێلایەن بن، دوور بن لە گوشارە ئێتنی و ئایینیەکان، کاتێک ئەم دامەزراوانە بە رق و کینە بن، کەمایەتییەکان ویستی گرتنەدەستی یاسایان دەبێت.

٤. کۆمەڵگا دەبێت ناسنامەی نیشتیمانی فۆرمەلە بکات کە تیایدا هیچ یەکێک لە کۆمیۆنیتییەکان بێبەش نەکرێن. ئەگەر بریار بێت ئەم کۆمیۆنیتیانە هەستی وابەستەییان بۆ کۆمەڵگا هەبێت، کۆمەڵگا دەبێت هێندە فرەوان و کراوە بێت کە شوێنیکیان پێبدات. وابەستەیی تاک لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان مەرجدار و بەرامبەرانەیە. بۆنەکان، رێورەسمەکان، سیمبولەکان و هەموو بابەتە نیشتمانییەکان دەبێت، رەنگدەرەوەی سروشتی فرەکولتووریانەی کۆمەڵگا بن.

فرە کولتووری وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، دیاردەیەکی تایبەت بە سەردەمی نوێ نییە. زۆر لە کۆمەڵگا پێش مۆدێرنەکانیش وەک ئیمپراتوریەتی رۆمان، هیند، ئەوروپای سەدەکانی ناوەراست و ئیمپراتوریای عوسمانی، هەریەکەیان چەندین کۆمیۆنیتی جیاوازی کولتووریان لەخۆدەگرت و بە شێوازی تایبەتی مامەڵەیان لەگەڵ بابەتی فرەییدا دەکرد. کۆمەڵگا فرە کولتووره هاوچەرخەکان چەند تایبەتمەندیەکییان هەیە:

١. فرەکولتووریی هاوچەرخ فرەوانتر و قووڵترە. کۆمەڵگا پێش مۆدێرنەکان زیاتر ماهییەتێکی ئایینیان هەبوو لە بارەی زۆر لە باوەرە ئەخلاقییەکان و شێوازە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان، لایەنی هاوبەشیان زۆر بوو، هەڵبەت ئەم هاوبەشییە لە کۆمەڵگای نوێدا نییە.

٢. فرەکولتووریی نوێ، ئازا و دلێرترە. کۆمیۆنیتییە کەمایەتییەکان لە کۆمەڵگا پێش مۆدێرنەکان بەزۆری پێگەی نزمی خۆیان پەسەند دەکرد، لە پانتایی کۆمەڵایەتی و تەنانەت جوگرافییایی کە لەلایەن زۆرینەوە بۆی دیاری کرابوو. ئەمرۆ ئەم گرۆپانە بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیرۆکە ئازادیخوازی و دیمۆکراسییەکان خوازیاری پێگە، ماف، دەسەڵات و دەرفەتی یەکسانن بۆ بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

٣. فرەکولتووریی نوێ لە پێکهاتەی بەجیهانیبوونی ئابووری و کولتووریدا روودەدات. بەجیهانیبوون دیاردەیەکی دژیەکە: لەلایەکەوە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی گونجان لە بیرورا، دامەزراوە ، ئامانج و شێوازەکانی کارە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان. لەلایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی کەمکردنی گونجان. بەجیهانیبوون دەبێتە هۆی زیادکردنی کۆچی تاکەکان و دەبێتە هۆی فرەیی کۆمەڵگاکان. هەروەها مەترسی لەناوچوونی ناسنامەکان بەرهەمدەهێنێت کە کۆمیونیتی و گروپەکان پەنا بۆ نەریتەکان دەبەن و دەسبەرداریان نابن بۆ خۆ جیاکردنەوە لە ئەوانی دیکە.

### واقعی فرە کولتووری لە هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەک گروپی ئێتنی و ئایینی دەژین، کە دەکرێ بڵێی هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فرەکولتوورییە. بەڵام فرەکولتووری لە سەردەمی نوێدا هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەباشتر لەقەڵەمنەدانی کولتوورێکە لە کولتوورەکانی دیکە. یان بڵێین تاکەکانی کولتووره جیاوازەکان لەبەر جیاوازی کولتووریان نەک تەنیا رووبەرووی جیاکاری نەبنەوە، بەڵکو هەست بکەن کولتووری ئەوان هەمان پێگەی کولتوورەکانی دیکەی هەیە لە کۆمەڵگادا، کە بێگومان لە هەرێم ئەم جۆرە فرەکولتوورییە باو نییە. بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە،

بوونی چەند ئاماژەیەکە کە دەکرێ وەکو دەسپێکێکی ئیجابی هەڵیسەنگێنین. لەو خاڵە ئیجابییانەش:

١. دەقی رەشنووسی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە رەخساندنی بوار بۆ کولتوورە جیاوازەکان لە هەرێم. سەبارەت بە رەشنووسی دەستوور: یەکەم، لە مادەی ٦ دا هاتووە کە گەلی کورستان پێکدێت لە کورد، تورکمان، ئاشوری، کلدان، ئەرمەن و عەرەب. واتە بە شێوەیەکی رەسمی لە رەشنووسی دەستووردا دان بە بوونی هەموو ئەو پێکهاتانەدا نراوە کە لە سەرەوە ناویان هات. دووەم، لە مادەی ٧ تەئکید لەسەر مافە ئایینیەکانی مەسیحی و ئێزدییەکان و ئەوانی دیکە کراوە لە ئازادی باوەر و پیادەکردنی ئایینی. سێیەم، لە مادەی ١٤ برگەی یەکەم ئاماژە بە زمانە رەسمییەکانی هەرێم کراوە کە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبین، هەروەها جەخت کراوە لەسەر زمانی خوێندن کە زمانی دایک دەبێت بۆ پێکهاتەکانی تورکمان، سریانی و ئەرمەنی. لە برگەی دووەمی هەمان مادەدا هاتووە کە زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی رەسمین لەو یەکە کارگێڕیانەی کە چری دانیشتوان پێکدەهێنن. جگە لە خاڵەکانی سەرەوە لە هەموو مافە سیاسی و مەدەنییەکانی دیکە یەکسانن لەگەڵ زۆرینە، واتە کورددا.

هەروەها گروپە ئێتنیەکانی وەک تورکمان و کلدوئاشور خاوەنی حزبی سیاسی تایبەت بە خۆیانن، لە پەرلەماندا بۆ تورکمان (٥ کورسی)، بۆ کلدان، ئاسوری و سریان (٥ کورسی)، بۆ ئەرمەن (١ کورسی) داندراوە، وێرای بوونی وەزیر لە کابینە جیاوازەکاندا. هەروەها بەهرەمەندن لە کەناڵی تیڤی، رادیۆ و بڵاوکراوەکان واتە بە ئازادی مومارسەی مافە کولتورییەکانیان دەکەن هاوشان بە مافە مەدەنی و سیاسییەکانیانەوە.

٢. لاوازیی ململانێی ئێتنی و تایفی لە هەرێم. سەرەڕای بارودۆخی نا سەقامگیریی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ دوای شەڕی دووەمی کەنداوی فارسی و دواتریش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لە نێوان حزبە سیاسییە جیاوازەکان. لە لایەکی دیکەشەوە لە دوای داگیرکاری عێراق لە شەڕی سێیەمی کەنداو ئەو ناسەقامگیریەی لێکەوتەوە کە بە هەزاران هاوڵاتی عێراقی بوونە قوربانی جیاوازی نەتەوەیی و ئایینیان، نە لە دەیەی نەوەدەکان هیچ شەڕێک هەڵگیرسا لە نێوان حزبەکان یان گروپە کولتووریەکان کە هەست بکرێت سروشتێکی ئێتنی یان ئایینی هەیە، نە لە دوای داگیرکاری عێراق کوشتن و ئازاردان بە پاساوی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێم دەرکەوت، بە پێچەوانەوە هەرێم خەڵکێکی زۆری عەرەب و مەسیحی لەخۆگرت.

٣. بوونی روحییەتی پێکەوە ژیان لەناو گروپە ئێتنی و ئایینیەکاندا. ژمارەیەک لێکۆڵینەوەی زانست – ئەکادیمی کە تایبەتن بە پێکەوە ژیان و پەیوەندی گروپە ئێتنییەکان و مێژووی نووسینیان بۆ دوای ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە، پەیوەندی گروپە ئێتنی و ئایینیەکان لە هەرێم بە ئیجابی هەڵدەسەنگێنن و ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە رووی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە کەم رووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە و تێکەڵیەکی زۆر لە نێوان ئەندامەکانی گروپە جیاوازەکاندا هەیە، تەنانەت ئەو بۆچوونە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان گروپە جیاوازەکان لە شاری کەرکوکیشدا، کە فرەکولتوریترین شاری هەرێمە، جەختی لەسەر دەکرێتەوە.

بەڵام هەموو ئەوەی سەرەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە بتوانین بانگەشە بۆ فرەکولتوورییەکی ئایدیالی بکەین، پێمان وابێت کە کوردستان نموونەی پێکەوە ژیان و رێزگرتنە لە کولتووری گروپە جیاوازەکان، یان هەموو کولتوورەکان

بەیەکسانی پشکیان لە کولتووری گشتی کۆمەڵگادا هەیە. دەکرێ بڵێین، هەموو ئەو خاڵانەی کە بە خاڵی ئیجابی باسکران، تەنیا رەخساندنی بوارە بۆ دیاردەی فرە کولتووری نوێ لە هەرێمی کوردستاندا. ئەگەر دەسەڵات بە جدی کار بەم ئاراستەیەی ئێستا بکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا شانازی بە فرەکولتووریی لە هەرێمدا بکەین.

### نزیکیی کولتووریی کورد و تورک

هەردوو رێکخراوی رووپێوی بەها جیهانییەکان (World Value Survey) و رووپێوی بەها ئەوروپییەکان (European Value Survey) بەشێوەیەکی خولی، رووپێو لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا، بەمەبەستی پێوانەکردنی بەها باوەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان ئەنجامدەدەن. ئەم کارە بەهۆی چاوپێکەوتن لەگەڵ نموونەیەکی دانیشتوانانی هەر کۆمەڵگایەک بە ئەنجام دەگات. ئەم پرۆگرامە کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک رادەپەڕێنرێت کە لە ساڵی ١٩٨٠وە دەستی پێکردووە، کە لەم ماوەیەدا توانیویانە زیاتر لە ٨٠ وڵاتی جیهان کە دەکاتە زیاتر لە ٨٥٪ دانیشتوانی جیهان رووپێو بکەن. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، وڵاتانی تورکیا، ئێران، عێراق (بەهەرێمی کوردستانیشەوە)، ئوردن، عەرەبستانی سعودی و ئیسرائیل رووپێوکراون. ئەو داتایانەی ئێمە سوودمان لێیان بینیوە ئەوانەن کە لە خولی پێنجەمدا کۆکراونەتەوە (٢٠٠٠-٢٠٠٥).

لێرەدا هەوڵمانداوە نموونەیەک لەو بەهایانە بخەینەڕوو بۆ بەراوردکردنێک لە نێوان کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تیایدا دەردەکەوێت، کوردەکانی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگای تورکی لە زۆر بەهادا یان لە تێروانینیان بۆ زۆر لە مەسەلەکان، لەیەکتر نزیکن کە بەبڕوای ئێمە، ئەمە خاڵێکی ئیجابییە و دەکرێ بکرێتە بناغەیەک بۆ کاری هاوبەش. هەروەها بە پێویستم زانی ئەوەش بۆ دراوسێکانمان لە تورکیا روون بکەینەوە کە کورد لە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی کە لە رووی کولتوورییەوە لە کۆمەڵگای تورکی نزیکن، تاکو کۆمەڵگاکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زیاتریش حەزیان لە دراوسێیەتی تورکە لە هەر میللەتێکی دیکەی ناوچەکە، ئەمە لە لایەک و لەلایەکی دیکەشەوە، لە ناو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقیشدا (عەرەب، کورد، تورکمان، ئاشوری و ئەوانی دیکە) کورد لە هەموویان زیاتر دراوسێیەتی تورکی پێخۆشە.

#### سەرچاوەکان:


**- پیکهو پارکه و دیگران، قدرت فرهنگ، ت: دکتر ضیاء تاج الدین، اداره کل پژوهشهای سیما، ژحران، ٢٠٠٤.**

**- جوئل شارون، ده پرسش از دیدگاه جامعه شناسی، ت: منوچهر صبوری، نشرنی، تهران، ٢٠٠٥.**

**- جی. ام. ورستر و دیگران، اقلیتها و تبعیض، ت: محمود دروغنی، قیصره سرا، تهران، ٢٠٠٥.**

**- حمید عضدانلو، آشنایی با مفاهیم اساسی جامعه شناسی، نشرنی، تهران، ٢٠٠٥.**

**- شنو خلیل حسن، العلاقات الاجتماعیة بین الجماعات العرقیة، رسالة ماجستیر مقدمة الی قسم الاجتماع جامعة الصلاح الدین، ٢٠٠٩.**

**- مایکل پین، فرهنگ اندیشەهای انتقادی: از روشنگری تا پسا مدرنیته، پیام یزدانجو، چاپ دوم، نشر مرکز، ٢٠٠٣.**

**- هیوا حاجی دیلویی، الاتجاهات التعصبیة بین الجماعات العرقیة، مؤسسة موکریاني للطباعة والنشر، اربیل، ٢٠٠٨.**